## ڕوونکردنەوەیەک بۆ حسێن ئەحمەد

## سەبارەت بەڕوونکردنەوەیەکی لاپەڕەی ڕۆشنبیری ئاڵای ئازادی

## ئیدریس عەلی.. بەرپرسی لاپەڕی ئەدەب و ڕۆشنبیری (ئاڵای ئازادی)

حسێن ئەحمەد لەسایتی دەنگەکان لەو ڕوونکردنوەی لاپەڕی ڕۆشنبیری ڕۆژنامەکەمان(ئاڵای ئازادی) نیگەران بووەو بۆ ڕوونکردنەوەیەکی چوار دێڕی دوو لاپەڕەی لەسەر نووسیوین.

ئەز بۆیە وەڵام دەدەمەوە لەبری هاوڕێیانم لە ئاڵای ئازادی، چونکە من بەرپرسی ئەو لاپەڕەم و خۆم ئەو ڕوونکردنەوەیەم نووسیوە.. کاک حوسێن ئەگەر یەک مانگ بێتە نێو دونیای ڕۆژنامەگەری ئەوجا دەزانێ بەر چەند دەق و بابەتی بێپێز دەکەوێت کەجاری واهەیە خۆم شیعرو ئەدەبم لەبەر چاو دەکەوێت.

دیارە ئێمە لەم لاپەڕەدا کەمترین بایەخ بەدەق دەدەین و زیاتر گرنگی بە بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە ئەدەین بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستا چەندین مەلەف و بەدواداچون و بابەتی هەنوکەیی و گرفتە ڕۆشنبیریەکانمان بلاو کردۆتەوەو چەندین قەڵەمی جدیمان لەو بوارانەدا هێناوەتە گۆ.

هاوکات ئەگەر دەقێکی جوانیشمان بۆ هاتبێت و بەو پێوەرانەی خۆمان بۆ ناسینەوەی دەق هەمانە پێمان باش بووبێت بلاومان کردۆتەوە چشیعر یان لێکۆڵینەوە، چونکە نەمانویستووە ببینە کەناڵێک تێیدا شیعرو ئەدەب ناشرین بکرێت، ئێمە لەو ڕۆژنامانەش نین کەلەسەرەوە بەئیمزای بەرپرسێک بابەتێکمان پێدابەزێنن کەشایستە نەبێت.. بەڵکو تەواوی ئازادیەکان لەدەست دەستەی نووسەران خۆماندایەو ئەگەر بابەتێکی جدیمان لەهەر شوێنێک شک بردبێت خۆمان چوین بەدوایدا.. ئەوەش بزانە ئێمە لاپەڕەکانمان قۆرخ نەکردووەو هەمیش مینبەرێکی کراوەبووین بەرووی قەڵەمە جوان و ئازاکاندا وە زۆر ترین کەسایەتی موعتەبەر لەلاپەڕەکاندا بەشدار دەبن چ لەدەرەوەی کوستان چ لەناوەوە.

ڕوونکردنەوەکەی منت لە ئاڵای ئازادیدا بۆ ئەو قەڵەمە بێپێزانەیە کەبەناوی شیعرو ئەدەبەوە تەعدا لەجوانیو پەیامی ئینسانی ئەدەب دەکەن.

هاوڕێم ئەگەر بەڕێزت ڕۆژێ لەرۆژان بابەتێکت بۆ ئێمە ناردووەو بلاۆ نەکراوەتەوە حەقتە وەها بەو تورەییە قسەمان لەسەر بکەیت، بەلاٚم دڵنیام بەڕێزت لەو قەڵەمە گەنجانەیت خاوەن تواناو شێوازی خۆتیتو دەرگای لاپەڕەکانمان لەرووی بابەتەکانت ئاوەلاٚ دەبن.

بەلام بەش بەحاڵی خۆم ئامادەنیم بۆیەک لەحزە لەسەر حسابی کاری رۆژنامەوانی خۆمو ئەدەب گرنگی بەباتێک بدەم کە ڕوی بلاٚو کردنەوەیان نەبێت.